ژمارە (3158)
سێ شەمە 28ی نیسان 2009
8ی گولان 2709ی کوردی
(30)ی ربیع الثانی 1430 کۆچی
«16» لاپەرە
«500» دینار

XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان
ئایین بەردەوام بێ، هەبات بەردەوامە

دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوە

هەردوو لیستی حەدباو برایەتی مووسڵ نەگەیشتنە هیچ ئاکامێک

خەبات ـ سەعید مەموزینی ـ مووسڵ: نەدیە شەنگالی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لەسەر لیستی برایەتی ئەینەوا بە خەباتی ڕاگەیاند: لەسەر داوای نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق، شاندێکی هەردوو لیستی حەدباو برایەتی سەردانی بەغدایان کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ نوری مالیکی هەردوولا باسیان لە ڕاوپێشنیاری خۆیان کرد، بەڵام دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوە نەگەیشتوونەتە هیچ ئاکامێک، چونکە لیستی حەدبا هەندێک مەرجی هەیە کە جێبەجێ ناکرێت، وەکو گەڕانەوەی هێزە کوردییەکان بۆ هێڵی پێش ساڵی 2003، نەمانی پێشمەرگەو گەڕانەوەی عەرەبەکانی تەعریب بۆ شوێنی خۆیان. لەلایەکی دیکەوە، لە گەڕەکی مەیدان لە شاری مووسڵ 2 تیرۆریست دەستگیرکران لە کاتێکدا خەریکی دانانەوەی بۆمبێک بوون، هەر لە مووسڵ لە گەڕەکی ڕەشید تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوەو هاوواڵتیەکیش لەلایەن تیرۆریستانەوە کوژرا.

4 هاوکاری مەکتەبی سیاسی بەسەر 150 خانەوادەی کیمیاباران بالیسان و شێخ وەسانان دابەشکرا
6 لە کوردستان هیچ نەکراوە و هەموو شتێک ماوە
8 شاروچکەی سیروان.. پێشانگایەکی کولتووری کوردەواری
11 تیشکێک بۆ سەر کەیخوسرەوی پاشای ماد و قەڵای گەنگ
13 گرەو لەسەر کایەیەکی کۆمەڵایەتی
15 گرەو لەسەر گەندەڵی... ئەمشەو بەرشلۆنەی ئیسپانی میواندارى چێلسی ئینگلیزی دەکات

بە ئامادەبوونی سەرۆکی کوردستان.. کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی وەرزش و لاوان دەستی بە کارەکانی کرد

سەرۆک بارزانی:

لەو چەند ڕۆژەی دادێدا ڕۆژی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستاندا ڕادەگەیەنم

بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی و بەرپرسانی وەرزشیی بەریتانیا و وێڵز و ئێران، دوێنێ لە تەلاری شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵلا لە پایتەخت کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی وەرزش و لاوان دەستی بە کارەکانی کرد. لە ڕێوڕەسمەکەدا، کە چەندین شارەزاو پسپۆڕی بواری وەرزش و پالەوانی ئۆلۆمپیی و وەرزشی ئامادەی بوون، تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان سوپاسی پشتیوانی سەرۆک بارزانی بۆ بواری وەرزش و لاوان نیشاندا بە تایبەتی کە بەڕێزیان پشتیوانییەکی بەهێزی کۆنفرانسەکەیان کردووە ئاماژەی بەوەشدا، پێویستە وەرزش بۆ هەمووان بێت و دەرفەت لە بەردەم هەموو وەرزش دۆستێک بۆ ئەو مەبەستە فەراهەم بکرێ. سەرۆکی کوردستان لە پەیڤەکەیدا، بەستنی ئەو کۆنفرانسەی بە کارێکی گرنگ لە قەڵەمدا بە تایبەتی کە وەرزش دەرگایەکە لە بەردەم تاکە تەفەر و گەلان بۆ ئەوەی یەکتربناسن و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بنیات بنێین. سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەدا، ئەگەرچی خۆی وەرزشوان نەبووە، بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی هەموو ڕۆژێک وەرزش بوو بۆی، ئاشکرایکرد، لە سەردەمی قوتابخانە و تا چەند ساڵێکیش وەرزشی فوتبۆڵی کردووە ئێستاش بەیانیان هەر وەرزش دەکات، ڕاشیگەیاند: لە چەند ڕۆژی دادێدا لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێزیان وادەی هەڵبژاردن ڕادەگەیەنێ. **(دەقی پەیڤەکەی لە ل2 بخوێنەوە)**، پاشان چەندین وتار لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی لە وێڵز و ئێران خوێندرایەوە. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی کوردستان پێشوازیی لە سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی ئیسلامی جیهان دەکات

ئەم پێشکەوتنە نیشانەی ئەو سیاسەتە حەکیمانەیە کە سەرۆک بارزانی پیادەی دەکات

دوێنێ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، لە سەلاحەددین پێشوازیکرد لە خاتوو فائیزە هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی ئیسلامی جیهان، کە بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی چوارنیەتی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان تەشریفی بۆ کوردستان هێناوە. لە دیدارێکدا، کە بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبیوو، وێڕای بەخێرهێنانی، خاتوو فائیزە هاشمی ڕەفسنجانی سەرسامی خۆی بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە دەربڕی کە گشت بواڕەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوەو ڕایگەیاند: کە ئەم پێشکەوتنە نیشانەی ئەو سیاسەتە حەکیمانەیە کە سەرۆک بارزانی پیادەی دەکات.

فرەواندنی وەرزش، بە تایبەتی بۆ وەرزشوانانی ئافرەت و بە زانستکردنی بزاقی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو بوارەدا تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو، لەم ڕووەوەش خاتوو فائیزە هاشمی ڕەفسنجانی ئامادەیی کۆماری ئیسلامی دەربڕی لە هاوکاریکردنی وەرزشوانانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان و گەیشتنە ئەو ئاستەی کە ئافرەتانی کوردستان لە بواری حوکمڕانی کوردستاندا گەیشتونەتێ بە تایبەت لە پەرلەمان و حکوومەتدا.

ئەمەو لە کۆتایی دیدارەکەدا، سەرۆک بارزانی سوپاسی سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی ئیسلامی جیهانی کرد بۆ هەر هاوکارییەک کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران پێشکەشی بە وەرزشوانەکانی ئافرەت لە کوردستاندا دەکرێ و هەردوولاش هیوایان خواست پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان پەرەیان پێ بدرێ، بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی هەردوو گەلدا بێت.

دوازدەمین دانیشتنی دادگاییکردنی تاوانبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە

دوێنێ دانیشتنی دوازدەهەمی دادگاییکردنی تاوانبارانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بەسەرۆکایەتی دادوەر محەمەد عوریبی و بە ئامادەبوونی پارێزەران و تاوانباران ئەنجامدرا. لە دانیشتنەکەدا، چەند شایەدحاڵێکی دیکە چوونیەتی ڕووداوی کارەساتەکەو شایەدی خۆیان بۆ دادگا خستەڕوو کە ژێڕێمی ڕووخاوی بەعس بەچەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجەی بۆردومانکرد. شایەدحاڵەکان وەڵامی سەرۆکی دادگایان لەبارەی چوونیەتی کارەساتەکە دایەوەو وردەکاری کارەساتەکەیان ڕوونکردەوە.

سەرۆک ئەرکانی سوپا داوای دەرکردنی قانوونی خزمەت و خانەنشینی سەربازی دەکات

خەبات ـ نینا: فەریقی یەکەم بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپا داوای لە پەرلەمانی ئێراقی فیدراڵ کرد قانوونی خزمەت و خانەنشینی سەربازی دەربکات کە سوود بە تویژێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێراق دەگەیەنێت. وەزارەتی بەرگری لە بەیاننامەیەکدا لە زاری زێباری ئاماژەیداوە، دەزگای سەربازی دەچێتە ژێر باری بڕیارەکانی سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق و پشت بەو دەسەڵاتانە دەبەستێت کە دەستوور پێیداوە، تاکە زامنی مسۆگەرە بۆ دیموکراتیەت لە ئێراق. زێباری ئەو داوایەی لەکاتی پیرۆزبایکردن لە ئەیاد سامەڕائی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی پەرلەمان خستبووە ڕوو. لە بەرامبەردا، سەرۆکی پەرلەمان سوپاس و ڕێزی خۆی ئاراستەی

بڕوانە لاپەرە 12

سەرۆکی حکوومەتی کوردستان پێشوازیی لە سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی ئیسلامی جیهان کرد

ئێوارەی دوێنێ لە هەولێر نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە خاتوو فایزە هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی ئیسلامی جیهان کرد. لە دانیشتنێکدا، وێڕای بەخێرهێنانی خاتوو فایزە بۆ هەرێمی کوردستان و بەشداریی لە کۆنفرانسی وەرزشیی نێودەوڵەتی هەولێر و بەشداربوونی ئەویشی لەم کۆنفرانسە بە هەنگاوێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران وەسفکرد، لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە، باس لە پەیوەندی دێرینی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییانە بە تایبەتیش لە بواری بازرگانی و ئابووری و کلتووریی کرا.

موحسین سەعدون: سیاسەتەکانی لیستی حەدبا بە ئاراستەیەکی چەوتدا دەڕوات

خەبات ـ نینا: موحسین سەعدون پەرلەمانتار سەر بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوا پەیڕەوکردنی تەوافوقی نیشتمانی و بنەمای هاوبەشی کرد لە دابەشکردنی پۆستەکان لە ئەینەواو کەرکووک. سەعدون لە لێدوانێکدا سەبارەت بەوەی لە ئەینەوا ڕوویدا لە بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگارو بایکۆتی هەندێک لە شارو

بڕوانە لاپەرە 12

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازیی لە دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی پاڵێشتی کاندیدکردنی گەنج بۆ پەرلەمان کرد

دوێنێ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەلاحەددین، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازیی لە دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی پاڵێشتی کاندیدکردنی گەنج بۆ پەرلەمان کرد. لە دانیشتنێکدا، کە مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ئامادەیی ببوو، فازڵ میرانی خۆشحاڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ ئەم دیدارە دەربڕی و کارو چالاکییەکانی بە بەرزی وەسفکردو تەئکیدی کرد، کە نەوەی دوێنێ و نەوەی ئەمڕۆ کە گەنجن نابێت یەکتر قبوڵ نەکەن و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و دەبێت خاڵە هاوبەشەکان بکرێتە بە نەخشە ڕێگایەک بۆ کارکردن،

بڕوانە لاپەرە 12

لە خاڵس حەشارگەیەکی تیرۆریستان دەدۆزرێتەوەو لە جەلەولاش چەند گومانلێکراوێک دەگیرێن

خەبات ـ بڕیار محەمەد: ماوەیەکە باری ئەمنی قەزاکانی سنووری پارێزگای دیالە بە ناوچە کوردستانییە لکێنراوەکانی دیالەوە نائارامەو و کردەوەی تیرۆریستی ڕووی لەزیادبوون کردووە. سەرچاوەیەکی ئەمنی بەرپرس لە شارۆچکەی سەعدیەوە تایبەت بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە گوندێکی باکووری قەزای خاڵس لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر چەند خانوویەکی چۆڵ کە پێشتر تیرۆریستانی قاعیدەی لێبووە، دەست گیراوە بەسەر چەند گوللە هاوەنێک و چەند هاوەنێکدا. سەرچاوەکە ئاشکرایکرد، ئەو خانووە قوڕە ڕووخاوانە پێشتر مۆڵگەی قاعیدەبووە. لەلایەکی دیکەوە، دوێنێ

بڕوانە لاپەرە 12

ئەستەمبۆڵ... برینداربوونی 7 پۆلیس

AFP: دوێنێ بەهۆی پێکدادانی نێوان پۆلیس و چەکدارێکی تووندڕەو لە ئەستەمبۆڵ 7 پۆلیس بریندارببوون کە یەکێکیان برینەکەی سەختە. بەپێی لێدوانی موعەمەر گولەر دادوەری ئەستەمبۆڵ پێکدادانەکە لە کاتێکدا ڕوویدا کە پۆلیس خەریک بوو هەڵیدەکوتایە سەر شوقەیەک کە چەکدارەکەی لێبوو، گومان دەکرا سەر بە گرووپێکی چەپڕەو بێت و ئەویش چەک و تەقەمەنیەکی زۆری پێبووەو تەقەی لە پۆلیس کردووەو خۆی نەداوەتە دەست. بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەم پرۆسەیەی پۆلیس لە چوارچێوەی ئەو هەواڵانە دێت بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی چەکدارە چەپڕەوەکان کە بەپێی لێدوانەکەی گولەر خەریکی پلاندانانن بۆ جێبەجێکردنی.

کەرکووک... 3 ئافرەتی مەسیحی تیرۆر دەکرێن

خەبات ـ عیمران قانونی: شەوی ڕابردوو گرووپێکی چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر ماڵێکی مەسیحی لە شاری کەرکووک و لە ئاکامدا ژنێک و کچەکەیان کوشت. لەو بارەیەوە، ڕائید سەلام جەلال بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند: 2 تەرمی ئافرەت گەیشتە دادی پزیشکی، دواتر دیارکەوت دایک و کچن و لەلایەن گرووپێکی چەکداری نەناسراو لە گەڕەکی دومیز کە دەکەوێتە باشووری کەرکووک لە ماڵی خۆیان کوژراون، ناوبراو ئەوەشی پێ ڕاگەیاندین، پاش چەند کاتژمێرێک ئافرەتێکی دیکەی مەسیحی لە گەڕەکی یەکی حوزەیران بە دەست تیرۆریستان کوژراو تەرمەکەشی گوازراوەتەوە بۆ دادی پزیشکی. گوتیشی: لێکۆڵینەوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک بەردەوامەو تاکو ئێستا تاوانبارانی ئەو 2 کردەوە تیرۆریستییە نەناسراون. شایەنی باسە، پێرێ لیستی گردبوونەوەی عەرەبی لەسەر زاری محەممەد خەلیل ئەندامی لیستی ناوبراو لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

بڕوانە لاپەرە 12

سااڵح موتلەگ: کێشەی کەرکووک بە ماددەی 140 چارەسەر ناکرێت!!

خەبات ـ نینا: سااڵح موتلەگ سەرۆکی بەرەی ئێراقی دیالۆگی نیشتمانی ڕایگەیاند: ماددەی 140 کۆتایی بە کێشەی کەرکووک ناهێنێت و ڕوونیکردەوە، لێکتێگەیشتنی ماقوڵ لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی ئێراق و پێکەوەژیانی ئاشتیانە باشترین چارەسەرە. موتلەگ گوتی: دانانی ماددەی 140 لەنێو دەستوور هەڵەیە، چونکە کەرکووک بەشێکە لە ئێراق نەک لە هەرێمێک کە دەیەوێت جیابێتەوە. لەبارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیش کە هەندێک لایەن پێشنیاریان کردووە بۆ چارەسەرکردنی

بڕوانە لاپەرە 12

هەواڵی چاوەڕوانکراو

* پێشبینی ناکرێ پلێنگەکانی تامیل لە وەڵامی داواکارییەکەی حکوومەتی سریلانکا چەک دانێن.
* ڕەنگە ژمارەی تووشبووان بە ئەنفلەوەنزای بەراز لە مەکسیک و هەندێک وڵاتانی نەوروپا ڕوو لە زیادبوون بێت.
* چاوەڕێ دەکرێ مانگی دادێ ڕافع عیساوی جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراق سەردانی ئەمەریکا بکات.